# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

## ستراتیژی ئاسایشی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی هەرێمی کوردستان

### گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی سارد

دوای ساڵەکانی سەرەتای ۹۰هکانی سەدەی ڕابردوو و ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە لە ساڵانی ۲۰۰۱ و ۲۰۰۲، بەرەو کێبڕکێ و ململانێی نێوانیان ئاراستە کرا، تاوەکوو بارگرژی لەسەرپرسی ئۆسیتیا لە ساڵی ۲۰۰۸. پاش ئەم ڕێکەوتە و لە سەردەمی سەرەتای سەرۆکایەتیی "ئۆباما" بەرەو نەهێشتنی بارگرژی یاخود ئەوەی کە بە Reset یاخود Great Deal ناسرا، ڕۆیشت. بەڵام ڕووداوەکانی ئۆکراین و کریمیا و هەروەها ئابڵووقەکانی ڕۆژاوا بۆ سەر ڕووسیا، پاشان پرسی لایەنگریی ئیدارەی ئۆباما لە ئۆپۆزیسیۆنی دژی پووتین و، هەروەها دەستێوەردان و بەشداریی ڕاستەوخۆی ڕووسیا لە سووریا، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیای تووشی ئاڵوگۆڕ کرد.

هەرچەندە لە پاش کۆتایی جەنگی سارد، ڕووسیا ئەو پێگە و ڕۆڵە جیهانییەی تا ڕادەیەك لەدەست داوە، بەڵام وەکوو دووەمین هێزی سەربازیی جیهان و، هەروەها ئەندامێتیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوسنووری لە ناوچەیەکی بەرفراوان و بەربڵاوی جوگرافی (ژاپۆن، چین، ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز، دەریای قەزوین، ناوچەی دەریای ڕەش، ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا تاوەکوو ناوچەی دەریای باڵتیك) دەتوانێت تاوەکوو ئێستایش جددیترین هەڕەشە بێت بۆ سەر ئەمریکا و نفووزی ئەم وڵاتە، هەروەکوو "ستێفان واڵت" (Stephen Martin Walt)، زانای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مامۆستای زانکۆی هارڤارد دەڵێت، بە هۆی تواناکانی لە دروستکردنی "هاوسەنگیی تۆقاندن" (Threat Balance) لە هەمبەر ئەمریکادا.

بەم پێیە فاکتەری یەکلاکەرەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا، تەنیا هێزی ڕووسیا نییە لە هەمبەر ئەمریکادا، بەڵکوو هەڕەشە و مەترسییەکانی ڕووسیا و، هەروەها ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم هەڕەشانەیە. ئەمەیش بۆ "هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان (Balance of Interests) یاخود مەیل و حەزی ڕووسیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لە بەرامبەر ئەمریکادا، دەگەڕێتەوە.

### کێشە و پرسە جێناکۆکەکان

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك پرس و بابەتی هەستیار و گرنگ جێگەی ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا لە ئارادایە کە ئەمریکا و ڕووسیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان وەکوو بەربەست، دەبێت لەسەرڕێگەیان لای ببەن یاخود هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن، وەکوو: نفووز و بەرفراوانبوونی ڕێکخراوی ناتۆ بۆ ڕۆژهەڵات یاخود ناوچەی نفووزی نەریتیی ڕووسیا، قەیرانی سووریا، سزا و

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ئابڵووقەکانی سەر ڕووسیا لە لایەن وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا لە لایەك و پرسە ئابوورییەکان لە لایەکی ترەوە، قەیرانی ئۆکراین و کریمیا، پرسی قەڵغانی مووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، پرسی کۆنترۆڵکردنی چەکە ستراتیژی و ئەتۆمییەکان، ڕێککەوتن لەسەر ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان یاخود پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی و دابەشبونی هێز لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا و هتد.

## کێشەی ئۆکراینا و سووریا

کاتێك کە سیاسەتی مۆسکۆ لە "بەرگریی ئەرێنی" لە پاش ڕووداوەکانی ساڵی ۲۰۰۸ەوە، بۆ سیاسەتی "بەرگریی ڕاستەوخۆ" گۆڕدرا، زۆربەی ستراتیژیستەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ڕووسیا و ئەمریکا لەناو جەنگێکی ساردی دیکەدان. بۆ نموونە پووتین لە ساڵی ۲۰۰۷دا ڕای گەیاند کە پرۆژەی قەڵغانی مووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وەکوو خوڵقاندنی دۆخی هاوشێوەی قەیرانی مووشەکیی کۆبایە لە دەیەی ۱۹۶۰. لە پاش جەنگی سارد، ڕووسیا خۆی بە ئابڵووقەدراو دەبینێت کە لە لایەن ئەمریکاوە دەورە دراوە. بەم پێیە ململانێیەکی جیۆپۆلیتیك و جیۆئێکۆنۆمیك لە نێوان ڕۆژاوا و ڕووسیادا لەسەر ناوچەکانی نفووز و "ناوچە پشتێنەییەکان" بۆ پاراستنی ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی یەکتری لە ئارادایە. ڕووداوەکانی ساڵی ۲۰۱٤ و دەستێوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە نیمچەدوورگەی کریمیا و، پاشان سزا و ئابڵووقەکانی بوارەکانی دارایی و ئابووری و تەکنەلۆژی و وزەی ڕۆژاوا بۆ سەر ئەم وڵاتە وای کردووە، کە ڕووسیا بکەوێتە نێو گوشارێکی لەڕادەبەدەر.

هەموو ئەمانە وای کرد، کە پاش جەنگی ناوخۆ لە سووریا، تاکە بنکەی دەرەکیی سەربازیی ڕووسیا لە جیهان بکەوێتە مەترسییەوە و، ڕووسیا خۆی بە دۆڕاوی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە قازانجی ئەمریکا و ئەوروپا بزانێت. ئەوە بوو کە لە ساڵی ۲۰۱۵دا ڕاستەوخۆ هاتە ناو ئەم جەنگەوە و، هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی گۆڕی. لە ڕاستیدا سووریا بۆ ڕووسیا وەکوو کارتێکی بەهێزی یەکلاییکردنەوەی هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان (بۆ نموونە کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر پرسی کریمیا و ناوچەی نفووزی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و پرۆژەی قەڵغانی مووشەکی و نفووزی ناتۆ و...) و، تەنانەت پاراستنی ناوچەی نفووزی نەریتی ئەم وڵاتە لە ناوچەی دەرەوەی نزیکی خۆی دادەندرێت.

بۆیە باشترین کارتی ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا کە کەمترین ئاڵۆزی و هەستیاریی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا هەیە و، دەکرێت ڕێککەوتنێك بکرێت کە ڕووسیا لە بەرامبەردا لەسەر پرس و ناوچەکانی تر ئیمتیاز لە ڕۆژاوا وەربگرێت، "پرسی سووریایە". تەنانەت پێشبینی دەکرێت کە جۆری ڕێککەوتنی ڕووسیا و ئەمریکا لەسەر پرسی سووریا، کاریگەریی لەسەر دابەشکردنەوەی هێز یاخود هاوسەنگیی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت و، بەم پێیەش فۆرمی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی و چۆنێتیی چارەسەرکردنی پرس و کێشە جیهانییەکان دەستنیشان بکات. بە خوێندنەوەی ئەم ڕاستییانە، ڕووسیای سەردەمی

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

پووتین (Vladimir Putin)، بەتایبەت دوای ساڵی ۲۰۰۷وە، هەوڵ دەدات بە تێپەڕاندنی ستراتیژی سیاسەتی "یۆرۆئەتلانتیکگەرایی" (Euroatlantism) و "ئۆراسیاگەرایی" (Eurasianism)، دووبارە پێگە و ڕۆڵی خۆی لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەدەست بێنیتەوە. بەم مانایەی کە قۆناغی ئیفلیجبوون(The stage of paralysis) ی پێشووتر تێ پەڕێنێت، کە لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان پەراوێز خرابوو.

بۆیە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی ململانێ جیۆسیاسییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوایی لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە چوارچێوەیەکی ناسراو بە "فرەلایەنگەرایی" (multilateralism) لە بری سیستەمی فرەجەمسەری (multipolarity)، خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. بۆیە ڕووسیا هەوڵ دەدات کە ستراتیژی "پشتپێکبەستن لەسەر بنەمای فرەلایەنگەرایی" (Interdependence Based on Multilateralism) لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پەیڕەو بکات. بەو مانایەی کە لە گوشار و سنووردارێتیی جاران لە ناوچەی "دەرەوەی نزیك"ی خۆی ڕزگاری بێت و، چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبەستێتەوە بە سازشی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوایی لە ناوچەکانی تری جێگەی مشتومڕ و ململانێ لەگەڵ خۆی؛ بۆ نموونە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و دەوڵەتانی ناوچەی باڵتیك و هتد.

## بەرفرانبوون و نفووزی ناتۆ

بەرفرانبوون و پەلهاوێشتنی ڕێکخراوی ناتۆ بۆ ڕۆژهەڵات لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانی، بەئاشکرا دژی هێزی نەریتیی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا واتا ڕووسیایە. گۆڕانکاری و بارگرژییەکانی ئۆکراین و کریمیا هەر لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. بە ئەندامێتیی کۆماری چێك و هەنگاریا و پۆلۆنیا لە ساڵی ۱۹۹۹دا، سنوورەکانی ناتۆ نزیکەی (٤٠٠) کیلۆمەتر بەرەو ڕووسیا بەفراوان بووەوە. پاشان لە ساڵی ۲۰۰٤دا ستۆنیا، لاتیڤیا، لیتوانیا و ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا و سلۆڤینیا بوونە ئەندام. بۆیە پرسی وەرنەگرتنی ئۆکراین و جۆرجیا وەکوو ئەندامی تەواو، بووە جێگەی دڵەڕاوکێی ڕووسیا و مشتومڕی ڕووسیا و ئەمریکا، هەرچەندە لەسەر ئەم بابەتە ڕووسیا و ئەمریکا ڕێك کەوتوون.

لە ڕاستیدا ئەزموون و مێژووی ڕووسیا لەم ناوچانە، لەگەڵ داگیرکاری و جەنگی خوێناوی بووە. بۆیە ئەو وڵاتانە پێویستیان بە نفووز و ڕۆڵی ئەکتەرەکانی تر لە هەمبەر ڕووسیا هەیە، بۆ ئەوەی ڕووسیا بوەستێنن و هاسەنگی لە بەرامبەر ڕووسیادا دروست بکەن. هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەندامانی پێشووتری "پەیمانی وارشۆ/۱۹۵۵-۱۹۹۱" (Warsaw Pact) لە لایەن ڕۆژاواوە یەك لە دوای یەکتری بوونەتە ئەندامی ڕێکخراوی ناتۆ؛ ئەمەیش بە گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر نفووز و ئاسایشی ڕووسیا دادەندرێت، چونکە لە ساڵی ۱۹۸۹ ئەندامی ناتۆ لەگەڵ گۆرباچۆڤ ڕێککەوتنێکیان ئەنجام دا کە لە پاش نەمانی وارشۆ، ناتۆ نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ڕووسیا.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بەڵام ڕووداوەکانی پاشتر و گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ئەرك و ئامانجەکانی ناتۆ، بووە هۆی ئەوەی کە دڵەڕاوکێی ئاسایشی بۆ ڕووسیا دروست بکرێت، بەتایبەت لە پرسی ئەندامێتیی جۆرجیا و ئۆکراین لەو ڕێکخراوەدا. هەرچەندە لە سەرەتادا ڕووسیا هاوکاریی ئەم ڕێکخراوەی دەکرد بەڵام پاشان و بە هۆی پەلهاوێشتنی ئەم ڕێکخراوە و هەنگاونان لە ڕێکخراوێکی ناوچەیی –سەربازی بۆ بوون بە ڕێکخراوێکی سەروناوچەیی و ئاسایشی، مەترسیی بۆ پێگە و ڕۆڵ و نفووزی ڕووسیا دروست کرد. هەرئەوەیش بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ تاوەکوو ٢٠١٤، قەیرانەکانی ئەبخازیا (Abkhazia) و ئۆسیتیا ( South Ossetia) لە ٢٠٠٨ و، نیمچەدوورگەی کریمیا (The Crimean Peninsula) لە ٢٠١٤، ببێتە بابەتێکی پڕلە کێشە و بارگرژی لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا.

هەرئەوەیش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕووسیا بۆ ئەوەی خۆی لەم ئابڵووقەیە ڕزگاربکات، هەوڵی ئەوە دەدات کە ململانێکانی لە پرس و ناوچەکانی تر لەگەڵ ڕۆژاوا و ئەمریکا یەکلایی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە سنوور و ناوچەکانی دەرەوەی نزیکی خۆی کارتی بەهێزی بەدەستەوە بێت؛ بۆ نموونە: لە پرسی سووریا و داهاتووی نفووزی سەربازی ڕووسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

### پرسی کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی چەکە ستراتیژییە بالستیکی و ئەتۆمییەکان

لە ئێستادا هەر یەکە لە ڕووسیا ١٣٠٠٠ و ئەمریکا نزیکەی ٩٥٠٠ کلاوەی ئەتۆمی و ١٠٠٠ مووشەکی بالستیکیان هەیە. بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان لە پاش بەکارهێنانی ئەم چەکە لە ساڵی ١٩٤٥ لە لایەن ئەمریکاوە لە دژی ژاپۆن، هەمیشە پرس و بابەتێکی هەستیار و پڕ لە مشتومڕی ئاسایشی نێودەوڵەتی بووە. ڕووسیا یەکەم بۆمبی ئەتۆمیی خۆی لە ساڵی ١٩٤٩ و بریتانیا لە ساڵی ١٩٥٢ و فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٦٠ و چین لە ساڵی ١٩٦٤ تاقی کردەوە.

ئەم وڵاتانە بە پێنج هێزی سەرەکیی خاوەن چەکی ئەتۆمی دەناسرێن و، هەربەم پێیەیش لە ساڵی ١٩٦٨ ڕێککەوتننامەی ڕێگەگرتن و قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان، ناسراو بە Treaty on the Non-Proliferation of Nuclear Weapons (NPT) ئیمزا کرا و، لە ساڵی ١٩٧٠ چووە بواری جێبەجێکردنەوە. چەندین ڕێککەوتننامەی دوولایەنە و چەندلایەنە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی ئەم جۆرە چەکانە لە نێوان وڵاتانی زلهێزی جیهان بەستراوە و، ئەمەیش دەربڕی نیگەرانیی قووڵی ئەم وڵاتانەیە لە بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە لایەن وڵاتانەوە.

هەرچەندە زۆرن ئەو ستراتیژیستانەی کە بڕوایان وایە کە بوونی ئەو چەکانە بە هۆی مەترسیی دەوڵەتان لە وێرانبوونی یەکجارەکیی هەموو جیهان، نەیانهێشت کە لە سەردەمی جەنگی سارددا، جەنگی جیهانیی سێیەم لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان ڕووبدات. بۆیە بە بڕوای ئەوکەسانە هەبوونی ئەم چەکانە بە شێوەیەی کۆنترۆڵکراو لە لایەن وڵاتانی بەرپرسیار و زلهێز و هاتنەئارای سیاسەتی ڕێگەگرتن یاخود پێشگیری (deterrence)، یارمەتیی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بەم پێیە هەر یەکە لە ئەمریکا و ڕووسیا هەوڵیان داوە، کە لە چەندین ڕێککەوتننامەدا ئەم چەکانە کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام بەردەوام ئەم پرسە و ئاست و ڕێژەی توانایی و ژمارەی ئەم چەکانە جێگەی ناکۆکی و بارگرژی بوونە لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ ڕێگەگرتن لە جەنگی ئەتۆمی و تاقیکردنەوەی مووشەکی، پاش دەستپێکردنی دانوستاندن لە ساڵی ١٩٦٩، ڕێککەوتننامەی ناسراو بە "ساڵتی ١" (Strategic Arm Limitation Talks١) لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت واژوو کرا. پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٩ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ "ساڵتی ٢" گۆڕدرا، بەڵام بەفەرمی پەسند نەکرا.

پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ لە نێوان "خرۆشچۆف" و "نیکسۆن"دا ڕێککەوتننامەی مووشەکە دژەبالستیکییەکان بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ واژووکرا، کە بە کورتکراوەیی ((Anti-Ballistic Missile Treaty "ABMT")) ناسراوە. بەڵام "ڤلادیمیر پووتین" و "بیل کلینتۆن" لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر چاکسازی لەم ڕێککەوتننامەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام و، ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ڕێککەوتنەکە هاتە دەرەوە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ ڕێککەوتننامەیەك دەربارەی سنووردارکردنی چەکە ئەتۆمییەکانی مەودای مامناوەندی ٥٠٠ تا ٥٥٠٠ کیلۆمەتر و، کورتمەودای ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کیلۆمەتر لە نێوان "ڕێگان" و "گۆرباچۆف" واژوو کرا و، بە "ڕێککەوتننامەی چەکە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندییەکان" The ((Intermediate-Range Nuclear Forces (INF)) ناسراوە. بەڵام لە پاش مکوڕبوونی ئەمریکا لە دامەزراندنی قەڵغانی بەرگریی مووشەکی ئەوروپی، "پووتین" لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕای گەیاند کە چیتر ڕێککەوتننامەی INFبەرژەوەندی و ئاسایشی ڕووسیا ناپارێزێت. بەم پێیەیش هەڵپەساردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەی ڕاگەیاند و، جێبەجێکردنی، بەم بەرنامەیەی ئەمریکاوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا مەرجدارکرد.

لە ساڵی ١٩٩١ ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی چەکە ستراتیژیکەکان لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا واژوو کرا کە بە "ستارتی١" (Strategic Arm Reductions Treaty) ناسراوە. ئەوە بوو پاش شکستی چەندین دانیشتن لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا لە نێوان "مێدڤێدۆڤ" و "ئۆباما"دا لە ساڵی ٢٠١٠ لە شاری پراگ ڕێککەوتنی "ستارتی٢" واژوو کرا کە لە ساڵی ٢٠١١دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەمریکا و ڕووسیا پابەندن کە لە ماوەی ٧ ساڵدا ژمارەی کلاوە ئەتۆمییەکانی چەکە ستراتیژیکەکانیان کەم بکەنەوە.

## ستراتیژیی نوێی ڕووسیا

پێش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووسیا لە ڕێگەی ئامرازی سەربازییەوە ڕووبەڕووی بلۆکی ڕۆژاوا، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبووەوە. بەم مانایە کە ئەو کاتە ڕووسیا تەنیا هێزێکی سەربازی بوو، بەڵام بە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووسیا ئەو کارت یاخود هێزەی جارانی نەما و، لە

ڕووی جیۆسیاسییەوە گۆشەگیر کرا و، لە ڕووی ستراتیژییەوە تووشی جۆرێك لە ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی بوو. بەڵام قۆناغ بە قۆناغ ڕووسیا هەوڵی داوە تاوەکوو لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بۆ ڕاستکردنەوەی بالآنسی هێز، سوود لە کارتی "وزە" وەربگرێت، لە کاتێکدا تووشی چەندین گوشار و تەنانەت ئابڵووقە و سزای نێودەوڵەتی بەتایبەت لە لایەن وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی بۆتەوە، لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان وەکوو "جۆرجیا" و "کریمیا" و هتد.

ستراتیژی سەرەکیی ڕووسیا بۆ کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە و هێڵەکانی گواستنەوەی لە ناوچەی "ئۆراسیا" و، هەروەها بوون بە دابینکەری سەرەکیی وزەی وڵاتانی ئەوروپی و بەدەستەوەگرتنی ئاسایشی ئابووری ووزەی وڵاتانی ڕۆژاوایی، لە ڕوانگەی ڕووسیاوە دەتوانێت هاوسەنگیی هێز لە هەمبەر ئەوروپا و ئەمریکا و ناتۆ لە قازانجی ڕووسیا بگۆڕێت. ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ئەوروپا و تەنانەت ئاسایشی وزە و ئابووریی جیهانی دەبێت.

لە پاش ساڵی ۲۰۰۰ هوە ڕووسەکان هەوڵی زۆریان داوە کە بۆ بەهێزکردنی پێگەی جیۆسیاسیی خۆیان و دەربازبوون لە گۆشەگیری و ئابڵووقەی جیۆسیاسیی ڕۆژاوا، ترانزیتی وزەی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپا کۆنترۆڵ بکەن. بۆ ئەم مەبەستەیش چەندین گرێبەست و وەبەرهێنانیان ئەنجام داوە. بۆ نموونە لە ئۆزبەکستان بە بڕی ۲,۵ ملیار دۆلار لە لایەن کۆمپانیای گازپرۆم (Gazprom) و لوك ئۆیل (Luk Oil) وەبەرهێنان کراوە. هەروەها ڕووسیا گرێبەستی بە مەبەستی دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی گازی سروشتی لەگەڵ تورکمانستان و قەزاقستان واژوو کردووە، بۆ ئەوەی کە ئەم هێڵە، بە هێڵی گواستنەوەی گازی ڕووسیا ببەسترێتەوە.

کاتێك گرنگیی کۆنترۆڵی دابینکردنی وزە و گواستنەوەی وزە دەردەکەوێت کە بزانین نزیکەی ۸۰٪ی نەوت و ۶۰٪ی گازی سروشتیی پێویستی وڵاتانی ئەوروپی لە دەرەوە هاوردە دەکرێت. لەم نێوەندەیشدا بۆ نموونە لە ساڵی ۲۰۰۸ وڵاتانی ئەوروپی ۳۳٪ لە نەوت وزیاتر لە ۴۰٪ لە گازی پێویستی خۆیان لە ڕووسیاوە هاوردە کردووە.

## ڕووسیا و ململانێ جیۆئێکۆنۆمی و جیۆسیاسییەکان

پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان پرسە ئابووری و سیاسییەکان و پرسە جوگرافییەکاندا هەیە. هەر بۆیەیشە چ لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و، چ لە ناوچەیڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، ئێمە ململانێ و کێبرکێی توند لە نێوان وڵاتانی ناوچەیی و سەروناوچەییدا دەبینن؛ بە جۆرێك کە پێکدادان لە نێوان بەرژەوەندی و ستراتیژییەکانیان دروست دەبێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە پرسەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئاسایشییەوە پێکەوەگرێدراون و، ئەمەیش لە توانای وڵاتان بۆ سەربەخۆبوونی سیاسی و ئابووری، کەم دەکاتەوە. بۆیە نفووزی هەروڵات و لایەنێك لە ناوچەیەك، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ڕۆڵ و نفووزی ئەو دەوڵەتە لە ناوچەکانی تری جیهاندا هەبێت. لەبەرئەوە، ڕووسیا هەوڵ دەدات

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

نفووزی لە ناوچەی "دەرەوەی نزیك"ی خۆی (ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز) بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژ بکاتەوە، بۆ ئەوەی کە لە لایەك بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و ئەم ناوچە دەرەوەی نزیکەی خۆی پارێزراو بێت و، لە لایەکی تریشەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بتوانێت لە ڕووی جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمییەوە پێگەیەکی بەرز و بەهێزی هەبێت.

هەربەم هۆیەیشە کە هەریەك لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی لە لایەك و، ڕووسیا و لایەنگرانی لە لایەکی ترەوە، هەوڵ دەدەن لە ڕووی هێڵی گواستنەوەی وزە و ئاسایشی وزەوە هێڵی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەم کارتە ستراتیژییە (ئاسایشی وزە) بکەن. بەم پێیە، وڵاتانی ئەوروپی لە هەوڵی ئەوەدان کە هێڵی ئەڵتەرناتیف (جێگرەوە بۆ وزەی ڕووسیا) بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە گوشاری سیاسی و ئابووریی ڕووسەکان لەسەریان کەم بکەنەوە و، پێگەیان لە هاوکێشە جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمییەکان لە سەرووی ڕووسیاوە بێت.

## ڕووسیا و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژاوا

ڕووسەکان بەگشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بابەتەی کە ئەورووپییەکان و ئەمریکا هەوڵ دەدەن پەراوێزیان بخەن و هێڵی جێگرەوە بدۆزنەوە، هەوڵ دەدەن بە دوو شێواز ڕووبەڕووی ئەم ستراتیژییەی ئەورووپییەکان ببنەوە: ١- هێڵی گواستنەوەی ئەورووپییەکان لە ڕووی ئاسایشییەوە ناسەقامگیر و لەرزۆك بکەن؛ بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە جەنگی نێوان ڕووسیا و جۆرجیادا ئەو هێڵەیان کە بە جۆرجیادا تێ دەپەڕی، بۆردوومان کرد، وەکوو گوشار و هەڕەشەیەك دژی ئەوروپا و ئەمریکا ٢- ڕووسیا خۆیشی هەوڵ دەدات کە سەرچاوە و هێڵی جۆراوجۆر داببین و دەستەبەر بکات و لەژێر گۆنترۆڵی خۆیدا بێت؛ ئەو کاتە دەتوانێت لە پێگەیەکی بەرزتری جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمیدا مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا بکات.

هەر لەم چوارچێوەیەدایە کە ئەمریکا کە خۆی بەکاربەری ڕاستەوخۆی وزە لەم ناوچانە نییە (چونکە خۆی توانای بەرهەمهێنانی بەرزی هەیە)، بۆ ئەوەی ڕووسیا نەتوانێت بەسەر ئاسایشی وزەی ئەوروپا زاڵ بێت و پاشان کۆنترۆڵی سیاسی و ئابووریی یەکێتیی ئەوروپا بکات وەکوو گوشار بۆ ئەمریکا و، تەنانەت ناوچەکانی تری جیهان لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکاندا، هەوڵ دەدات ڕێگە لە ڕووسیا و تەنانەت چین و ئێران بگرێت کە لەم بوارەدا باڵادەست بن. بە هۆی ئەوەیشە کە ڕووسیا هەوڵ دەدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمە قەرەبوو بکاتەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕووی جیۆئێکۆنۆمییەوە زیاتر بەهێز بێت و، ئەمەیش لە هاوکێشە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا لێکەوتەی جیۆستراتیژیی بۆ پێگەی ڕووسیا، لێ دەکەوێتەوە.

## ئاسایشی وزە: پرسێکی ئابووری، یان ستراتیژی؟

پرسی نەوت و گاز، زیاتر پرسێکی جیۆسیاسی و جیۆستراتیژییە تاوەکوو پرسێکی ئابووریی ڕووت بێت. ڕاستییەکەی، ئەم ململانێیە لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی لە لایەك و، ڕووسیا و ئێران و چین و...، بە جۆرێك بە جەنگی ساردی هێڵەکان یاخود بۆڕییەکان (Pipeline Cold War) دەناسرێت. بۆیە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

یەکێك لە نیگەرانییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا لە دەوڵەتی تورکیا، چوونەپاڵ ڕووسیایە لە لایەن تورکیاوە، کە وەکوو کارتی گوشار بەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپا بەکاری بێنێت. هەروەها قەیرانی ئۆکراین و کریمیایش هەر لە چوارچێوەی ئەم جەنگە ساردەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و، بۆیە ڕووسیا ترسی هەیە لە هەر حکوومەتێکی دژی ڕووسیا لەم وڵاتە و، هەوڵ دەدات کە حکوومەتی لایەنگری ڕووسیا لەم وڵاتە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لەسەر کار بێت؛ بەو پێیەی ئۆکراین ڕۆڵێکی سەرەکی لە گواستنەوەی وزە بۆ ئەوروپا هەیە.

بۆیە هەر تێکچوونێك لە هاوسەنگیی هێز کاریگەریی لەسەر ناوچەکان و ئەکتەرەکانی تر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە زیاتر ڕۆڵی "سووریا" بۆ ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوێت؛ بەو پێیەی کە ئەم وڵاتە لە پاڵ تورکیا، دەتوانێت وڵاتانی دیکە لەگەڵ دەریای ناوەڕاست پێکەوە ببەستێتەوە و، ئەو کاتە لە نەبوونی ڕووسیا، ئەوە ئەگەری پەراوێزکەتن و شکستی ستراتیژیی ڕووسیا لەم جەنگە ساردەدا بەهێز دەبێت و، ڕووسیا لە ئاستی ناوچەیی و تەنانەت ناوخۆییدا تووشی قەیران دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەیش باس لە چەندین هێڵی جێگرەوەی ڕووسیا لە لایەن ئەمریکا و ئەوروپییەکانەوە بۆ گواستنەوەی وزە دەکرێت، بۆ نموونە:

١- هێڵی گواستنەوەی دەریای قەزوین، کە نەوت و گازی سی وڵاتی ئەو دەریایە بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیا و جۆرجیاوە بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە.

٢- هێڵی گواستنەوەی باکۆ-نۆرڤێسیك بە درێژاییی ١٥٠٠ کیلۆمەتر.

٣- هێڵی گواستنەوەی باکۆ-سۆپسا بە درێژاییی ٩٢٠ کیلۆمەتر.

٤- هێڵی گواستنەوەی باکۆ-تەفلیس-جەیهان بە درێژاییی ١٧٣٠ کیلۆمەتر (لە ٢٠٠٥ تەواو بووە) و، باکۆ-تەفلیس-ئەرزروم (لە ٢٠٠٦ تەواو بووە).

کۆی ئەمانە، لە پاڵ چەندین پێشنیازی دیکە (وەکوو "نۆبۆکۆ"-Nabucco) بە درێژاییی ٣٩٠٠ کیلۆمەتر، هەرچەندە چەندین کێشەی تێچوو، ئاسایش، ناکۆکی و ژینگەییان هەیە، بەڵام بۆ ڕووسیا بە هەڕەشە دادەندرێت. بۆیە ڕووسیا هەوڵ دەدات ڕێگەیان لێ بگرێت. لەم نێوەندەیشدا هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچە نوێیانەی کە بە یەدەگێکی زۆری نەوت و گازەوە لە ناوچەکەدا، دەتوانێت لە داهاتوویەکی نزیك ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ستراتیژیی نوێی ڕووسیا لەم بوارەدا.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

سیاسەتی دەرەکی و پاراستنی بەرژەوەندی و بەم پێیە ئاسایشی ڕووسیا لە چوارچێوەی کەلتووری ستراتیژیی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر ناونیشانی پێنج ڕەهەندی سەرەکیدا پۆلین دەکرێت:

- دووبارە گەڕاندنەوەی هێز و پێگە و ڕۆڵی ڕووسیا لە ئاستی جیهانی
- پێداگری لەسەر فرە-ڕەهەندگەرایی و دوورکەوتنەوە لە تاکجەمسەری بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا
- پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی ڕووسیا لە ناوچەی دەرەوەی نزیکی خۆی (بەتایبەتی وڵاتانی پێشووتری یەکێتیی سۆڤیەت)
- پاراستن و بەرزکردنەوەی پێگە و نفووزی ڕووسیا لە بواری وزە و چەک
- پاراستنی بەها و نۆرمە نێودەوڵەتییەکانی پاش جەنگی جیهانیی دووەم، وەکوو ڕێساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕۆڵ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی و یەکپارچەیی وڵاتان و، هەروەها دوورکەوتنەوە لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان، بەتایبەتی دەوڵەتانی سنووری جوگرافیی نزیک لە ڕووسیا.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

## ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ڕێککەوتنی وزە لەگەڵ کوردستان

١- ڕێگەگرتن لە دروستبوونی هێڵی جێگرەوە لە لایەن ئەوروپا و ئەمریکاوە.

٢- کۆنترۆڵی نرخی نەوت و، لە داهاتوودا گازی کوردستان؛ بەو پێیەی تاوەکوو کوردستان بە هۆی نێودەوڵەتینەبوونەوە لەژێر نرخی بازاڕنەوتەکەی دەفرۆشێت.

٣- قازانج و سوودی بازرگانی لە وزەی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمپانیای ڕۆسنەفتەوە، کە زیاتر پشکەکانی حکوومین و، بۆ ئابووریی ڕووسیا کە لەژێرگوشاری ئابلۆوقە وگەمارووی ئابووری و داراییە، گرنگە.

٤- کارتی گوشار بۆ تورکیا، کە ئێستاکە کۆنترۆڵی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە تورکیا بگیرێت کە لەم ڕێگەیەوە قازانجی زۆری ئابووری بکات و، لە هەمان کاتیشدا لە بەرامبەر ڕووسیادا ببێتە جێگرەوەی دابینکردنی وزە بە سەربەخۆیی لە ڕێگەی هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقەوە؛ چونکە هەرێمی کوردستان لە هەمبەرتورکیا لاوازە، بەڵام ڕووسیا دەتوانێت تورکیا کۆنترۆڵ و سنووردار بکات.

٥- کۆنترۆڵی چالاکی کۆمپانیا ڕۆژاواییەکان لە لایەن کۆمپانیا ڕووسییەکانەوە (یاخود لانی کەم گرێدانی بەرژەوەندییەکانیان، کە ئەمەیش هەربە قازانجی ڕووسیایە، لە ململانێ سیاسییەکاندا لەگەڵ ڕۆژاوا) لە باشووری کوردستان؛ بەو پێیەی ململانێی توند لە نێوانیاندا هەیە و، ئەمەیش بێجگە لە کاریگەریی دارایی و ئابووری، لێکەوتەی ستراتیژیی هەیە؛ هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا.

٦- سیناریۆ و ئەگەری ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا ڕووسیا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستان و سووریاوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی گواستنەوەی وزە و هێڵی جێگرەوە بۆ بازاڕەکان بکات. لێرەوە ڕووسیا دەتوانێت بەشێکی زۆری ئاسایشی وزەی ناوچەی قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست و، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەمبەر ئەمریکا و ئەوروپا، بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی خۆیەوە.

٧- ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە، دەتوانێت سەرەتایەك بێت بۆ ئەوەی ڕووسیا لە ناوچەکەدا بێجگە لە ڕووی سەربازییەوە، لە ڕووی ئابووری و داراییشەوە (لێرەدا وزە) بەشدار بێت. ئەمەیش پێگەی جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمیی ڕووسیا لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا لە هەمبەر ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانیان بەرزتر دەکاتەوە. چونکە بەرژەوەندیی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە پێکەوە گرێ دەدرێت و، لە لایەکی تریشەوە ئەمریکا ناچاردەکات لەسەرناوچەی دیکەی جێگەی ناکۆکی، سازش لەگەڵ ڕووسیا بکات.

٨- پێگەی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن هێزە ڕۆژاواییەکان گرنگیی ستراتیژیی هەیە، دەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ هاوسەنگیی هێز لە بەرامبەر ڕووسیادا لە سووریا و تەنانەت لەگەڵ تورکیادا. بەم پێیە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ڕووسیا لەم ڕێگەیەوە (وزە)، دەتوانێت ڕێگە لەوە بگرێت کە هەرێمی کوردستان لە ئەگەری بەدەوڵەتبوون، بەتەواوی بکەوێتە ناو بازنەی ئاسایشی ئەمریکا و ئەوروپاوە و، بەم پێیە لە ناوچەکەدا ببێتە مەترسی بۆ پێگە و نفووزی ڕووسیا. بۆیە ڕووسیا هەوڵ دەدات لە ناوچەکەدا هاوکات پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا هەبێت؛ بەڵام باشوور و ڕۆژاوای کوردستان لە ڕووی پێگەی جیۆستراتیژییەوە لە ناوچەکەدا، بۆ داهاتووی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێی نێوان ڕووسیا و ئەکتەرە هەرێمی و سەروو-هەرێمییەکان زۆر گرنگن.

## دەرفەت و هەڕەشەکانی سەرهەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسیادا

**دەرفەتەکان:**

١- لە پاش گۆڕانکارییەکانی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکی لە تورکیا، ئەگەری مەترسی بۆ داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەهێز بووە. بەم پێیەش ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ڕووسیا، دەتوانێت گەرەنتیی سیاسی و ئابووریی زیاتر بداتە هەرێمی کوردستان، کە تورکیا نەتوانێت بە هۆی گرێدانی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندیی ڕووسیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە هەرگۆڕانکاری و ئەگەرێکدا گوشار بخاتە سەرهەرێمی کوردستان. چونکە ڕووداوەکانی ئەم دواییە، دەریان خست کە تورکیا زۆر لە بەرامبەرگوشار و ئابلووقە و گەمارۆ ئابوورییەکانی ڕووسیا لاوازە.

٢- نزیکبوونەوە لەگەڵ ڕووسیا لە ڕێگەی ئەم ستراتیژییەی کە ڕووسیا لە ناوچەکەدا بەدوادا چوونی بۆ دەکات، وا دەکات پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە جیۆسیاسی و جیۆئیکۆنۆمییەکاندا بەرزتر ببێتەوە. ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشیی زیاتری هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دیکە.

٣- بەشداریی کۆمپانیا ڕووسییەکان لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، وا دەکات کە وڵاتانی ڕۆژاواییش زیاترلە ڕابردوو گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدەن و، بەم پێیە بە نزیکبوونەوەی زیاتر، ڕێگە لەوە بگرن کە هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی بکەوێتە نێو بازنەی ستراتیژیی جیۆسیاسی و جیۆئابووریی ڕووسیا لە ناوچەکەدا.

٤- کێبڕکێی نێوان کۆمپانیاکان، دەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆژاواییەکاندا ئاواڵاتر دەکات؛ بەو پێیەی ئێستاکە کۆمپانیای کێبڕکێکار و جێگرەوەیان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دروست بووە؛ ئەمەیش لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بە قازانجی هەرێمی کوردستانە.

٥- گرێدانی بەرژەوەندیی ڕووسیا و هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی "وزە"وە، دەتوانێت لە ئەگەری بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان مەترسییەکانی سەرهەرێمی کوردستان کەمتر بکاتەوە. چونکە هەم ئێران (تەنانەت عێراق بە هۆی نزیکی لە ئێرانەوە) و هەمیش تورکیا، دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووسیا لە هەرئەگەرێکی نەخوازراودا لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا. لە لایەکی تریشەوە وا دەکات ئەمریکایش

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بە گرنگیی زیاتر بڕوانێتە هەرێمی کوردستان و، ڕێگە لە ڕووسیا بگرێت کە هەرێمی کوردستان بخاتە ناو بازنەی ستراتیژیی خۆیەوە لە ناوچەکەدا لە ئەگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. چونکە یەکێك لە کێشە و گرفتەکانی سەربەخۆیی "کۆسۆڤۆ"، ئەوە بووە کە ڕووسیا (هەروەها چین) بە هۆی ململانێیەکانی لەگەڵ ئەمریکا و گرێدراویی بەرژەوەندییەکانی لەو ناوچەیە، بەتایبەت لەگەڵ "سێربیا"دا، وای کرووە کە کێشەی لەگەڵ سەربەخۆیی "کۆسۆڤۆ"دا هەبێت. ئەمەیش لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بووەتە کێشە و گرفت بۆ "کۆسۆڤۆ".

٦- لەم قۆناغەدا کە هەرێمی کوردستان لەژێر گوشاریکی سەختی دارایی و قەیرانی ئابووریدایە، ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە (سەرەڕای چۆنێتیی ناوەرۆکەکەی)، دەتوانێت یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدات کە ئەم قۆناغە باشتر تێپەڕ بکات. چونکە ڕووسیا و کۆمپانیاکانی، بەپێی ڕێککەوتنەکە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکڕن و، بەشدارن لە پەرەپێدانی ژێرخانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و، هەروەها دەرهێنان و بەرهەمهێنان و تەنانەت گواستنەوەیدا. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی قەرەبووی ئەو بۆشاییە بکرێتەوە کە لە پاش هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان بەشێکی زۆری کۆمپانیا ڕۆژاواییەکان هەرێمی کوردستانیان بەجێ هێشت. بۆیە ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێت پێگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاسایشی ئابوورییەوە بەرزتر بکاتەوە و، هانی هاتنەوەی کۆمپانیاکان یاخود کۆمپانیای دیکە دەدات.

٧- ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێت لە ڕووی قازانجی فرۆشتنی نەوتەوە، بە سوودی هەرێمی کوردستان بێت، بەم مانایە کە کۆمپانیایەکی وڵاتێکی زلهێز نەوتی هەرێمی کوردستان بەیاسایی و بەئاشکرا بکڕێت، بە بەراورد لەگەڵ فرۆشتنی نەوت لە ڕابردوودا لە لایەن کەسانی بازرگان و کۆمپانیا پلە دوو و سێیەکان. ئەمەیش بۆداهاتوو دەتوانێت لە لایەن وڵاتان و کۆمپانیاکانی دیکەی نێودەوڵەتی و ڕۆژاوایی، ببێتە هۆی گرێبەستی لەم شێوەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

**هەڕەشەکان:**

١- یەکێك لە گەورەترین مەترسییەکان ئەوەیە کە بە هۆی ناکۆکی و ململانێی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر ناوچە و پرسە جۆراوجۆرەکان وەکوو: کریمیا، ئۆکرانیا و جۆرجیا و ....، ئابڵووقە و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر کۆمپانیا حکوومی و ناحکوومییەکانی و کەرتە جۆراوجۆرە بازرگانی و بانکییەکانی ڕووسیا لە لایەنڕۆژاواوە، کاریگەریی لەسەرکەرتی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستانیش هەبێت. باشترین نموونەیش لە کاتی کێشەی ئەتۆمیی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەڵەتیدا، وڵاتانی ئەوروپی و تەنانەت زۆربەی وڵاتانی جیهان بە هۆی ترس لە سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا، نەیاندەوێرا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مامەڵە بکەن و تەنانەت نەوتی لێ بکڕن؛ ئەمەیش لە ئەگەری بارگرژیی زیاتری نێوان ڕووسیا و ئەمریکا، ئەگەرێکی کراوەیە.

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

٢- سەرەڕای دەرفەتەکانی، بەڵام هەڕەشەیەکی دیکە ئەوەیە کە بە هۆی کۆنترۆڵی کۆمپانیا ڕووسییەکانەوە لەسەرکەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە لایەن وڵاتانی نەیاری ڕووسیاوە (بەتایبەت ئەوروپا و ئەمریکا) پەراوێز بخرێت. هەرچەندە لە جیهانی پێکەوەبەستراوەی ئابووریی ئیمڕۆکەدا ئەم ئەگەرە لاوازە، بەڵام ئەگەرێکی کراوەیە.

٣- کەوتنەناو بازنەی ستراتیژیی نوێی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەتوانێت هەڕەشە بێت لە ئەگەری قووڵتربوونەوەی ململانێ و هاوکێشە جیۆسیاسی و جیۆئیکۆنۆمییەکانی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا و، بۆ ئێستا و داهاتووی پێگەی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا کاریگەریی نەرێنیی هەبێت. هەرچەندە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە بەڕێوەبردنێکی هۆشمەندانە باڵانس لە نێوانیاندا ڕابگرێت و، ئەوکاتە ئەم لێکنزیکبوونەوەیە دەبێتە درفەت بۆ کوردستان و، تەنانەت پێگەی هەرێمی کوردستان بەرزتر دەبێتەوە.

٤- هەڕەشەیەکی دیکە ئەوەیە کە ڕووسیا لە ئەزموونی ڕابردوویدا هیچ کاتێك (لانی کەم تاوەکوو ئێستا) هاوبەش و شەریکێکی ڕاستەقینە نەبووە؛ ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە متمانەی وڵاتان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ستراتیژی لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتانی ناوچەکەدا لاواز بێت. تەنانەت ئێرانییەکانیش کە ئێستا بەرژەوەندییان لەگەڵ ڕووسیا هەیە، ئەزموونی تاڵیان لەم بوارە هەیە و، دوایین نموونەیش دەنگدانی ڕووسیایە بە گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەربارەی پرسی ئەتۆمیی ئێران پێش ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ٥+١؛ بەڵام پێدەچێت ڕووسەکان درکیان بەمە کردبێت و، هەوڵ بدەن ببنە شەریکی جێگەی متمانە بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بەرز بکەنەوە.

٥- بۆ مەودای درێژخایەن، کۆنترۆڵی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمپانیا ڕووسییەکان و، هەروەها وەبەرهێنەرانی ڕووسی و تەکنەلۆژیی ڕووسی، هەڕەشەیەکی ترە؛ بە هۆی ئەوەی خودی کەرتی نەوت و گازی ڕووسیایش، بۆ پەرەپێدان پێویستیی بە وەبەرهێنانی سەرمایەدارانی دەرەکی، بەتایبەت ڕۆژاوایی و تەکنەلۆژیی پێشکەوتووی ڕۆژاوایی هەیە. بۆیە پشتبەستن بە ڕووسیا لەو بوارەدا لە ماوەی گواستنەوەدا گرنگە، بەڵام بۆ داهاتووی درێژخایەن، دەتوانێت مەترسی بێت؛ هەرچەندە بەپێی زانیارییەکان ڕێککەوتنەکە زۆر درێژخایەن نییە.

٦- هەرهەڵەیەك یاخود ناڕوونییەك لە گرێبەستەکان بەو پێیەی کە ڕووسیا ئەزموونێکی زۆری لە بواری وەبەرهێنان و گواستنەوە و ئاسایشی وزە هەیە، دەتوانێت بۆ هەرێمی کوردستان هەڕەشە بێت. بەو مانایە کە ڕووسیا وەکوو وڵاتێکی زلهێز، دەتوانێت گوشاری زۆر بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە ڕووی یاسایی و ئابووری و سیاسییەوە لە ناوچەکەدا دروست بکات. بۆیە پێویستە بەوریاییەوە

# سیاسەت و نموونەكانی ئاسایشی نەتەوەیی

گرێبەستەكان و خاڵەكانی، تاووتوێ بكرێن. باشترین بەڵگەیش بۆ ئەمە، كێشەكانی نێوان كۆمپانیای دانەگازو هەرێمی كوردستانە.

## كۆبەند:

ڕووسیا ستراتیژییەكی نوێ لە ناوچەكەدا بۆ گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەو دەكات. ئەم گەڕانەوەیەیش تەنیا سەربازی نییە وەكوو سووریا. بۆیە ڕووسیا بۆڕاستكردنەوەی هاوسەنگیی هێز و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوشارەكانی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریكا لە لایەك و، بۆ بەهێزبوون و پەرەپێدان لە ئاستی ناوخۆیی، پێویستیی بە بەكارهێنان و بەهێزبوونی كارتی ئاسایشی ئابووری ووزە هەیە. لە جیهانی ئێمرۆیشدا هەر گۆڕانكارییەك لە هاوكێشە جیۆسیاسی و جیۆئیكۆنۆمییەكانی ناوچەیەك، كاریگەریی لەسەر ناوچەكان و هاوكێشەكانی تری جیهان دەبێت.

بۆیە، ئەم ڕێككەوتنە بۆ هەرێمی كوردستان، سەرەڕای هەڕەشەكانی، دەتوانێت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەرفەتێكی زێرین بێت. هەروەها دەتوانێت بە گرێدانی بەرژەوەندییەكانی لەگەڵ ڕووسیا، هەڕەشەی وڵاتانی ناوچەیی، وەكوو توركیا و ئێران، كەمتر بكاتەوە؛ بەو پێیەی ڕووسیا كاریگەریی لەسەر ئەو وڵاتانە هەیە. لە لایەكی تریشەوە بە پرسی بەدەوڵەتبوونی كوردستان، دەتواندرێت سوود لەم كارتە وەربگیرێت و، ئەمەیش ڕێگەی كوردستان بۆ سەربەخۆیی، كراوەتر دەكات. ئەمە بێجە لە ئاسەوار و كاریگەرییە ئەرێنییەكانی لە ڕووی سەربازی و ئاسایشییەوە، كە ڕووسیا ناچار دەكات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی، گرنگی بە هەرێمی كوردستان بدات.